# بێخەو ڕێزی لێگیرا



لەمیانــەی فیــستیڤاڵی ســاڵانەی هونــەریو ڕۆشــنبیری چــالاکی قوتابخانــەکانی هــەولێر، ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٩ خــەڵاتی ڕێزلێنــان بەخشرایە شاعیری گەورەی کورد (مەدحەت بێخەو).

لەلێدوانێکیدا، وشیار واحید جەمیل بەرپرسی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، بەڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند "لەمیانەی فێستیڤاڵی ئەمساڵ بەپێویستمانزانی خەڵاتی ڕێزلێنان ببەخشینە شاعیری گەورە "مەدحەت بێخەو" لەبەرئەوەی ساڵانێکی زۆر خزمەتێکی بەرچاوی هونەری کوردیو شیعری منداڵان کردووە"، لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، شاعیری گەورە "مەدحەت بێخەو" خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەم خەڵاتەو گوتی "زۆر سوپاسی چالاکی قوتابخانەکان دەکەم کە دووەم جارە ڕێز لەمن دەگرن".

جێگەی باسە بێخەوی شاعیر لەساڵی ١٩٣٤ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووەو تائێستا شەش بەرهەمی شیعری بڵاوکردۆتەوە.

بەرگی سێیەمی (رووخسارو ئەزموون) بڵاودەکاتەوە

# کوێستانی داوای لێبوردن لەهونەرمەندان دەکات

**ڕەووز مامەند پیرانی**

بەرگی سێیەمی (روخسارو ئەزموون)ی ئیسماعیل کوێستانی کەوتە بەر دیدی خوێنەرانو شانۆکارانی هەر چوار پارێزگای باشووری کوردستانی گرتەوە.

لەبارەی بڵاوکردنەوەی دوا بەرهەمی خۆی هونەرمەندی شێوەکار (ئیسماعیل کوێستانی) بەڕۆژنامەی "دەنگی مەخموور"ی ڕاگەیاند "ئەگەر بەردەوام وەك ئێستا هاوکاریم بکەن لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری کە سێ ساڵە بۆم چاپ دەکەن، ئەمجارە شێوەکارانی باشوور لە بەرگێك کۆ بکەمەوە، دوای ئەوەش هونەرمەندانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە ئینسکلۆپیدیایەك کۆبکەمەوە، ئەمەش ئەرشیفێکەو بۆخزمەتی ئەو هونەرمەندانەیە، بەڵام لە چاپی ئەوجارە چەند هەڵەیەکی کەمی تێدایە داوای لێبوردن لەو هونەرمەندانە دەکەم"، سەبارەت بە ریزبەند دانانی هونەرمەندان، کوێستانی، گوتی "پۆلێنکردنی هونەرمەند کارێکی قورسەو من ناتوانم پۆلێنی بکەم، بۆیە بەگوێرەی تەمەن ریزم کردوون"، سەبارەت بەهونەرمەندانی دەڤەری مەخموور دەڵێت "ئەوەش کارێکی خراپ نییە، بەڵام هونەرمەندانو ئەدیبانی مەخموور پەرتو بڵاون مەخموور نووسەرو ڕۆشنبیری زۆری تێدایە، بەنیازیشم کارێکی لەو شێوەیە بکەم، بەڵام ئەمەش یارمەتیەکی زۆری دەوێت".

هونەرمەندی شێوەکارو وێنەگر ئیسماعیل کوێستانی لەساڵی ١٩٥٨ لە شارۆچکەی مەخموور لەدایك بووە، تائێستا سێ بەرگی (روخسار و ئەزموون)ی بڵاوکردۆتەوە.



# قەرەچووغی ڕەشەڕەیحانە کلیپ دەکات



**جەلال خەیلانی**

دوا کلیپی هونەرمەندی حەیرانبێژ (سلێمان قەرەچووغی) بەناوی (ڕەشە ڕەیحانە) بەمزووانە بڵاودەبێتەوەو ئێستا لەقۆناخی مۆنتاژکردندایەو بەشێوازێکی نوێ کاری وێنەگرتنو نواندنی بۆ کراوە.

ئەم بەرهەمەی قەرەچووغی، لەئاوازو هۆنراوەی فۆلکلۆرە، ئامادەکردنی مۆسیقاو تۆمارکردنی دەنگ لەلایەن (عیماد جەوهەر) جێبەجێ کراوە، قۆناغی وێنەگرتنی لەمەخموور لەبناری قەرەچووغو سەرکانی ئاوی بن بەرد ئەنجام دراوە، بەشێکی دیکەی لەدەڤەری زیارەت وێنەی بۆ گیراوە. لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، سلێمان قەرەچووغی، ڕایگەیاند "وێڕای بەکارهێنانی چەندین ئامێرو کەلوپەلی ڕەسەنی کوردی، لەم کلیپەمدا (گروپی هەڵپەرکێی سەنتەری ئاسوودە)و (دوازدە سوارەی کوردستان)و کاك (شینە)ی بازگری دەڤەری مەخموور بەشدارییان تێداکردووە"، لەبارەی بڵاوبوونەوەی کلیپی ڕەشەرەیحانە، قەرەچووغی ڕوونیکردەوە "ئێستا کلیپەکە لەقۆناغی مۆنتاژکردندایە، بەشێوازێکی نوێ کاری وێنەگرتنو نواندنی بۆ کراوە، بەمزووانە لەکەناڵەکان بڵاودەبێتەوە، هیوادارم بەو کلیپە توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی دەڤەرەکەم کردبێت".
گوتیشی "بەپێویستی دەزانم سوپاسی بەڕێزان (بارزان سەید کاکەو ئومێد خۆشناو و کرێکارو نەوزاد) بکەم کە لەئەنجامدانی ئەم کلیپە هاوکارییان کردووم، هەروەها سوپاسی وێنەگر سەباح ماستاوەییو هاوکارەکەی یاسین ساڵەیی دەکەمو سوپاسی هەریەك لە جەلال خەیلانیو بایزید ڕەحمانو مام تۆفیقو هاورێکانم دەکەم کە لەیارمەتیدانم درێخیان نەکردووە".

# دڵنیا قەرەداغی
# لەهاوسەرەکەی جیا بووەتەوە



(ئاری حەمە سەعید) ژیانی هاوسەری پێکهێناوە.

گۆرانیبێژ "دلنیا قەرەداغی" بۆ ماوەی نۆ مانگە لەرێگەی دادگا لەهاوسەرەکەی جیابۆتەوە.

دلنیا قەرداغی لەلێدوانێکیدا بەئاژانسی پەیامنێری رایگەیاند "نۆ مانگە لە ڕێگەی دادگاوە لەگەڵ هاوسەرەکەم (ئاری حەمە سەعید) جیابۆمەتەوەو ئێستا لەگەڵ کوڕە تاقانەکەم ئاریۆس لەماڵی باوکم دەژیم". لەبارەی هۆکاری جیابوونەوەکەیان، قەرەداغی، گوتی "هیچ کێشەیەك لە نێوان منو کاك ئاری نەبووەو تەنیا لێك تێنەگەیشتنێك هەبووە، بۆیە هەردووکمان بە پێویستمان زانی لێك جیاببینەوەو ئێستا پەیوەندی هاورێیەتیمان هەیە".

جێگەی باسە گۆرانیبێژ "دلنیا قەرەداغی" لە ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ

# ئیشواریا دەچێتە میسر



خانمە ئەستێرەی سینەمایی هیندی (ئیشواریا رای) رایگەیاند ، کە بەشداری لە فیلمێکدا دەکات لەسەر ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی گەلی میسری، لەوبارەیەوە گوتی "من زوورترین کات چاودێری شۆرەشی خەڵکی میسری دەمکرد".

ئیشواریا هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی فیلمێك لە مەیدانی ئازادی میسریدا، کە ڕۆڵی کچێك دەبینێت، کە هەوڵ دەدات لەناو خۆپیشاندانەکاندا وتارێك پێشکەش بکاتو، لەوتارەکەیدا ئاماژەی بەوەدەکرد کە ئێمە بەدەستی خۆمان داهاتووی خۆمان بنیات دەنێین.

جێی باسە ئیشواریا ئەکتەرێکی بەناوبانگی هیندیەو بەشداری لە هەزارەها فیلمدا کردووە، کە زۆربەیان باس لە ئێشو ئازارەکانی گەلانی جیهان دەکەن، هەروەها خاوەنی جوانترین چاوە لەهەموو دونیادا.

# حەیرانێك بە یادی جاران

چەندی گاز دەکەم دەرێم شەوێ زستانێ
لەمن گەلە تاریکە، لەسەر سینگێ
نازدار حەیرانەکەی من دوو کارگێ هەناری
سەر بەکوریکە، ئەمن دەستی خۆم دەبرد
لەبۆ ئەوێ هەناران بەدر حەزی دەکرد
دەیگۆ کورەتیم حەیران توخدا ڕایان مەگوشە
نەکو بگۆوێن گەلە ساوان
بەخودای هێشتا هەر فەریکە

فۆتۆ پرێس



عامودێك لەناوەڕاستی شەقامێك لەمەخموور ئاخۆ کامیان سەرپێچی کردووە.
فۆتۆ: (کارزان خەمگین)

# واڵا

**خەلیل پالانی**



## کش مەلیك لە گۆڕانکاری سەردەمدا

ئەو سەردەمەی ئێستا کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەسەردەمی گۆڕانکاریی لەبەڕێوەبردنی دەسەلات ناسراوە، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، بەلأم ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدوای ئازادییەوە لەدەڤەری مەخموور ئەنجامدراون، جێگەی هەڵوەستەیەو پێویست دەکات خەڵکی دەڤەرەکە بە گشتیو ڕۆشنبیرانو هەموو ئەو کەمپینو گروپانەی کە بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی هاولآتیانی مەخموور هاتوونەتە دامەزراندن، چیتر ئەو جۆرە گۆڕانکارییانەیان قەبوول نەبێ تا سنوورێك بۆ ئەو پرسە چارەنووسسازە دابنرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئازادیی دەڤەری مەخموور دەبینین کە بەبێ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانو دوور لە خواستی خەڵکی دەڤەرەکە قایمقامو بەڕێوەبەرانی ناحیەکان بە تەزکیەی حیزبی دانران، بەمەش تەواو نەبوو بەڵکو بەڕێوەبەری تەواوی فەرمانگەکانو خوێندنگاکانیش هەر بەو شێوە هاتنەدانان، دواتریش ماوە ماوە گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان دەکراو هەر حیزبیش لەو هەڵمەتە دەسەلاتی ڕەهای هەبووەو تا ئێستاش هەر هەیەتی، تا گەیشتە ڕۆژی ١٣ی ئایارو تەقینەوەکەی بەردەم قایمقامیەتو لقی ٢٣، ئینجا بەشێوەیەکی سرووشتی قایمقامی ئەوسای مەخموور (عەبدولرەحمان بێلاف) لادراو (بارزان سەیدکاکە) کە بەڕێوەبەری شارەدێی قەراج بوو لە شوێنی ئەو دەستبەکاربوو، بەمەش شارەدێی قەراج تا ماوەیەك بەر لەئێستا بەبێ بەڕێوەبەر بوو تاوەکو لەم دواییەدا بەڕێوەبەرێکی بۆ دانرا، گۆڕانکارییەکانی تریش لە هەریەك لە شارەدێی گوێڕو دیبەگە تەنیا ئەوەندە بوو کە جێگۆڕکێیان پێکرا لە نێوانیاندا.

لەدوای ونبوونی ڕێژەی ١٧٠٠ تۆن دانەوێڵە لە سایلۆی مەخموور بەڕێوەبەری سایلۆش لادراو ئەوەتا لەم چەند ڕۆژەی داهاتووش هەریەك لە قایمقامی ئێستای مەخموورو ژمارەیەکی تریش لە بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکانو بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی مەخموور لادەبرێنو کەسانی تر لەشوێنیاندا دادەنرێ، من لێرەدا نامەوێ باس لەهۆکاری ئەو گۆڕانکارییانە بکەم، لێ ئەوەی بەلای منو بڕوام وایە زۆربەی کەسانی ڕۆشنبیرو خەڵکی ناوچەکە گرنگە، شێوازی دانانی ئەو بەرپرسانەیەو مەرجی بوون بەبەرپرسی یەکەی کارگێڕیو بەڕێوەبەری فەرمانگەکانە لە مەخموور.

زۆر جار لەلایەن خەڵکی دەڤەرەکە باس لەوە کراوە، کە گرنگە بەرپرسان لەخەڵکی ناوچەکە بن، ئەوەی بەلای منیشەوە گرنگەو پێویستە جێگای دەمەتەقێی بۆ نەهێڵدرێتەوە، هەوڵبدرێت ئەمجارەیان لەرێگای هەڵبژاردنێکی ئازاددا ئەنجوومەنی قەزاو ناحیەکان دابمەزرێتو دواتریش هەرکەسێك خەڵکی دەڤەرەکە متمانەی پێداو بووە قایمقامی مەخموور یان بەڕێوەبەری یەکێ لەناحیەکانو بگرە بەڕێوەبەری فەرمانگەکانیش ئەگەر خەڵکی ناوچەکەش نەبوون، نیشتەجێبوونیان لەناوچەکە بکرێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ دەستبەکاربوونیان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێشو ئازاری خەڵکەکە ژیان بگوزەرێنن.